

**هیچ گرفتێکی نی‌یە تەنها مەسەلەی کات و مەسەلەی دەروونی‌یە, و هەردوولا کۆکین کەئەم ئیدارانە ببنەوەبەیەك**

# ئا/سۆ

وەزعی سیاسی کوردستان و عێراق بە ئاڵو گۆڕێکی تیٚ دەپەڕێت ئەمەش پێویستی بەیەکگرتوویی گوتاری سیاسی کوردو هێزە کوردستانییەکان هەیە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بۆچونی دووپارتە سەرەکی‌یەکە(پارتی ـــ یەکێتی) دەربارەی وەزعی هەنوکەیی و پرۆسەی ئاشتی و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان ئەم چاو پێکەوتنەمان سازدا لە گەڵ بەڕێزان (کاك عارف تەیفور) بەرپرسی لقی چواری(PDK) و بەڕێز(کاك ئاسۆ عەلی) بەرپرسی لقی چواری(PUK) و بەڕێز(کاك ئاسۆ عەلی) بەپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی (PUK).

: بۆچی پرۆسەی ئاشنی تا ئێستا بەجێی خۆی نەگەیشتووەو ئیدارەکان بەك ناگرنەوە؟

عارف تەیفور: لیژنەی ئاشتی لەسەرتای دەمەزراندنیەوە کاری باشی کردووە و تا ئێستا تونیومانە چارەسەری زۆرینەی ئەو کێشانە بکەین لە ئاکامی شەڕی ناوخۆوە پەیدابوون, ئەوەی کە ئەمرۆ لای هەموو کەس گرنگە ئەوەیە بۆ هەردوو ئیدارەکە بەك ناگرنەوە, هەرچەندە ئێمە وەك پارتی و کۆمەڵێك خانوو زەوی کشتوکاڵی مان لە سلێمانی ماوە نەیانداوەتەوە, ئەویش لەم دووسیچ ڕۆژەدا بەڕێز(د. بەرهەم) بەڵێنی دا کە ئەوکێشانە هەمووی چارەسەربکرێت و لیژنەی هاوبەشمان لەلق و مەڵبەند دروست کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بۆئەوەی بۆ دووئیدارەکەو بەکی نەگرتۆتەوە کەداوای ئەمرۆ میللەتەکامنە, لە ڕاستیدا لە کۆبونەوەکانی لیژنەی ئاشتی و مەکتەبی سیاسی هەردوولادا هەنگاوی زۆرمان باشمان هاویشتووە و زۆربەرەو پێش ڕۆیشتووین, بەلاٚم چەند زروفێك دێتە پێشەوەکە دەبێت هۆی دواخستنی و یان دەمانەویٚ ئامادەکارییەکی دەرونی بۆ وەرگرین, مەسەلەی تێکەلاٚوکردنی هەردوو ئیدارەکە بەدڵنیایەوە هیچ گرفتێکی نی‌یە تەنها مەسەلەی کات و مەسەلەی دەروونی‌یە, و هەردوولا کۆکین کەئەم ئیدارانە ببنەوەبەیەك.

: هەمیشە لەدوای کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاشتی مژدەی ئەوە بەخەڵك دەدەن کەدوو ئیدارەکە لە زوترین کاتدا بەکدەگرنەوە و هیچ بەربەستێك نی‌یە بەلاٚم تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە تۆ ئەم حاڵەتە چۆن دەبینی؟

عارف تەیفور: ئەو کۆبوونەوانەی کە ئێمە کردوومانە هەموو ئیجابیاتی خۆی هەبووە و هەموو کۆبونەوەکان شتی باشی تیا باسکراوە و چارەسەرکراوە, وەك ووتم نەگەبشتنی هەردوو ئیدارەکە بەیەك هەم مەسەلەی کاتەو هەم مەسەلەیەکی دەرونی, وەگیروگرفتێکی ئەو تۆمان نەماوە لای هیچ لایەکمان, بەلاٚم بەتەبیعەتی حاڵ لەکۆتایی ئەم ساڵ یان لەسەرتلی ساڵی داهاتوو کە هەڵبژاردنی سەرتاسەری دەکریٚ ئەوا بێگومان ئەو ئیدارانە دەبنەوە بەیەك.زادگە: کاتێك کۆبونەوەکانی ئاشتی نایەڵن ڕاگەیاندن بەشداربیٚ تاڕوشی کۆبوونەوەکان بگوازنەوە ئایا بۆ ئەم شەفافیەتە نی‌یە؟

عارف تەیفور: شەفافیەت هەیە لەهەموو کۆبوونەوەکان کەدەیکەین دووکەس یەکێك لەپارتی یەکێك لەیەکێتی قسە بۆڕۆژنامەکان دەکەن, بەلاٚم ناکریٚ لە کۆبوونەوانەدا کە گفتوگۆ دەگاتە وەزعێکی گەرم لە

قسەکردن یان ئەترو حاڵێك دەکرێ لایەنێك بە جۆرێك وەڵام دەداتەوە, هەموو جارێك پوختەکەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکرێتەوە.

: بەڵام تائێستاکۆبوونەوەکان هیچ ئاکامێکی ئەو تۆی لێنەکەوتۆتەوە؟

عارف تەیفور: غەدر دەکەی کەدەڵێی هیچ ئاکامێکی نەبووە, بەڵکو ئاکامی زۆر گرنگی هەبووە, ئێمە لە شەڕێکی سەخت و دژواردابووین و زیانی زۆر لەهەردوولا دراوە, تووشی کێشەی زۆر بووین, دەستی دەوڵی و هەرێمی زۆر هاتە ناومانەوەو کوردستان ببوە گۆڕەپانی موخابەراتی ئەم ناوچەیە, ئێمە لەو هەلومەرجەداو لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەدا شتی زۆر گرنگمان جێبەجێ کردووە تا ئێچستاش زۆربەیان گەیشتونەتە چارەسەرو هەمویمان حەل کردووە.

: زۆرێك لە پارتە کوردییەکانی تر دەڵێن پارتی و یەکێتی هیچ کاتێك پرس و ڕای ئەوان و جەماوەریان وەرنەگرتووە بۆ بڕیاردن لەچارەنووسی کوردو کێشەی پرسی کورد لەم هەلوومەرجەدا؟

عارف تەیفور: لە ڕاستیدا مەسەلەی دانوستان لەگەڵ مەجلیسی حوکم و لایەنی عێراقی دەبێت شەفافیەتی زیاتری تیابێ, وە حیزبەکان یان گروپی کوردی کە ئامادەییان هەیە لە مەجلیسی حوکمدا بێت دەکرێت بخرێتە بەردەمی گەلەکە چونکە ئەمەشتێکی چارەنوس سازە و لەدوڵی تەشکیل کردنی عێراق لە ساڵی(1920)دا گەیشتوینەتە حاڵەتێکی وا کە سەرلەنوێ عێراق دادەمەزرێتەوە, بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی شەفاف لەگەڵ گەلی کورد بکرێت, بەڵام من ناڵێم پارتە سیاسەیەکان بێئاگان, ئەوانەی کەتەواجودیان هەیە لە سنوری دەسەڵاتی پارتی ئێمە هەموو جار لەگەڵیان دادەنیشین و جەنابی(کاك مەسعود) بەتایەبتی لەگەڵیانادا دادەنیشێت ئەگەر ئەو لەوێش گفتوگۆی باشی لەسەردەکری و ڕای ئەولنیش وەردەگیرێت.

: بەپێی چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار برمەر ئەمریکا داوایان لە کورد کردووە کە داوای سەرۆکی وولات و وەزیران نەکات ئایا تاچەند پێت وایە ئەمە سیاسەتێکی حەکیمانەیە؟

عارف تەیفور: بەڕاستیدا هاوکاری هاوپەیمانی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا لە حاڵەتێکی زۆر باشدایە هەر لەبەرئەوە بوو هەوڵدەدەین سیادە ئیستقرار بگەڕێتەوە بۆ عێراق, وە گەڕانەوەی سیادە ئیستیقرار بۆ عێراق دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەی ئەمریکا لەناوچەکەدا کەبرۆژەیەکی زۆر گەورەیە ئەویش پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە هەموو ناوچەکە سوودی لێوەر دەگرێت و تیشکی ئەم پرۆژەیە دەچێتە ئەو ولاتە دراوسێ یانەش کە کوردیان تیا ژیاوە, بۆیە ئەگەر لەسەر هەندێ داوای خۆمان بە شێوەیەکی کاتی پێ زۆر دانەگرین زۆر شتێکی زیانیەخش نابێ, گرنگ ئەوەیە ئیچمە چی لەدەستوری داهاتووی عێراقدا دەچەسپێنین و چۆن ئەو شوێنانەی کە بەر سیاسەتی تەعریب کەوتوون بگێڕینەوە بۆ سەر سنوری کوردستان بۆ یەکارە کەزۆر گرانەو زۆری دەوێ بەلام دەبێ بەهاوکاری بێ لیگیل ئەمریکا.

: ئایا دەبێت سەرخستنی پرۆژەی ئەمرکی لەسەر حساب و تەنازول کردنی کوردبێ لە ماف خۆی؟

عارف تەیفور: نەخێر سەرخستنی پرۆژەی ئەمریکا نابێ لەسەرحیسابی کوردبێ, بیلام بە قەناعەتی ئیچمە لەئایندەدا کورد زۆر سودمەند دەبێت لە پرۆژەی ئەمریکیەکان.

: حکومەتی نوێی عێراق پێشمەرگەی بە میلیشیا داناوەو پێی وایە دەبێت هەڵبوەشێتەوە ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە؟

عارف تەیفور: ئێمە وەکو خۆمان پێشمەرگە بە میلیشییا دانانێین و وەکو سوپای ئازادی کوردستان سەیری دەکەین, وە هەڵناوەشێتەوە بەڵکو ئەوە خۆشمان لەسەری کۆکین کە پێشمەرگە دەبێ دەوری خۆی ببینێ لە ئایندەی سوپای عێراقداو, ئەو هێزەە کە لەناوچەی فیدرالی کوردستاندا دەبێت هێزێکی کوردی دەبێت و لەو وپێشمەرگانە پێك هاتوون, لەهەمان کاتدا بێجگە لەوانەی لە سوپای عێراقدا دەبن ئەوانی تر دەبنە ئاسایش و دەچنە ژێرەکانی و دارستان و بەشێکیش خانەنشین دەبن, لێرەوە پێشمەرگە جێگەی خۆی دەگرێت بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆیە ئێمە بە هەڵوەشاندنەوەی نازانین بە پێچەوانەوە بە جێگیربونی تەواوەتی دەزانین.

: پارتی و یەکێتی بەهۆی موجامەلەکردنی عەرەب و تورکمانی وململانێی حزبی تەسکەوە کاریان بۆ کەرکوك نەکردووە ئایا ئەگەر کار بەم شێوەیە بڕوات کورد کەرکوك نادۆڕێنێ؟

عارف تەیفور: ئەداو ئیشکردنی هەردوولامان دەربارەی کەرکوك بە ئەدایەکی باش نابینم, ئەوەی کە بێویست بوو بۆ بکەین بۆ مان نەکردووە, بەلأم ئێمە دەبێ بەهەردوولامان وەك کورد کاری تیابکەین وتەجاوزی مەسائیلی حزبایەتی بکەین ونکە کەرکوك لە حاڵەتێکی خەتەردایە. گەر کار بۆکەرکوك نەکەین و مەسەلەی حزبایەتی تەسك هاتەکایەوە بەتەئکید هەردوولامان و هەموومان وەك کورد زیانی تیادەکەین, چەند ئەزمونێکمان لەو بارەیەوە هەیە کەهاوکاری کورد بەیەکەوە نەبوو لە(لەیلان) کەهەمووی کوردن لە هەڵبژاردنە محەلییەکاندا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا و لە(دوز خورماتو وداقوق)یش سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا ئەویش لەئەنجامی خلافاتی خۆمانەوە بوو, بۆیە پێویستە ژیرانەتر لەوەزعی کەرکوکدا کاربکەین, بەلأم تا ئێستا هەردوولا ئەو ئیشەی کەپیسێزیست بوو بیکەین نەمان کردووە.

زادگە: کورد لە کەرکوك هەرباسی برایەتی تورکامان و عەرەب دەکات بەلأم بە پێچەوانەوە ئایا کاتی ئەوەنەهاتووە کورد بێ موجامەلکردن باسی کوردستانی بوونی کەرکوك بکات؟

عارف تەیفور: من خۆم باوەڕم بەو برایەتییانە نییە کەباسی دەکەن بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش هەیە لە نێوانماندا, ئەگینا نەعەرەب برای کورد بووە نەکوردیش برای عەرەب دەبێ, بەلأم ئەمە ڕاستە کە دۆستی یەکین, دراوسێی یەکین, بەیەکەوە دەژین و قەدەروای دروست کردووین لەگەڵ ئەمەمیللەتانە بژین, و ناتوانینماڵی خۆمان بگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر بۆیە دەبێت هەوڵبدەین بە دۆستایەتی و لێك تێگەیشتن بتوانین کێشەکانی نێوانمان چارەسەر بکەین, ئێمە ناتوانین ڕەفزی ئەوە بکەین کە لەکەرکوکدا تورکامن یان عەرەب نییە بەلأم بە هەردوولامان غەدریان لەکورد کردوە, کوردیان دەرکردووە وکوردیان ڕاونـاوە, زۆرکەس ئێستا لە سەرکردایەتی هەردولامان ئەو زەرەرو زیانی لەکورد کەوتووە ڕەتی دەکەنەوە بەهی تورکمان, لە کاتێکدا تورکمان نەبەرشالأوی تەعریب کەوتووە نەبەرشالأوی ڕاگواستن, وهەندێ گوندی وەك(بشیر9 تووشی ڕاگواستن بوون ئەویش مەسەلەی شیعە مەزهەبی و حزبی دەعوەبوو بۆیە بەعس ئازاری ئەو چەند گوندەی داوە باقی تورکمانی ناو شاری کەرکوك زیانیان لێ نەکەوتووە, لەگەڵ ئەوەنیم شانبەشانی کێشەی کورد کێشەی عەرەب و تورکمان بهێننە پێشەوە با ئێمەش ئیش بۆ خۆمان بکەین و بزانین چیمان بۆ کورد دەست دەکەوێ, با ئەوانیش بۆ خۆیان خەبات بکەن.

: دوا پرسیارم دا دەگرێمەوە بۆلای دووئیدارەکەی دواخستووە؟

عارف تەیفور: لەیەکەمەوە ووتم هیچ گیروگرفتێکمان نەماوەکە نەتانین پێکەوە بژین بە پێچەوانەوەئەگەر بەیەکەوە نەژین ناتوانین هیچ شتێك بۆ میللەتەکەمان بەدەست بهێنین.